كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
28-12-2006 16:52 بەكاتی ناوەندی ئەورووپا



MoveAmerica Forward.org

NEWS RELEASE

Posted By:
Melanie Morgan

## Iraq Study Group A Complete Failure

Wednesday، December 06، 2006

# گروپی لێكۆڵینەوەی ئێراق، شكستێكی تەواو ... وەرگێڕانی: هیوا بەكر

سەرۆكی گەورەترین ڕێكخراوی ئەو خەڵكە سادانەی كە لایەنگری سوپای ئەمریكین لە گشت ئەمریكا كە ناوی (Move America Forward) ە واتە (ئەمریكا بەرەو پێش بەرە) لە ووتەیەكیدا لە پاش پێداچونەوەی ڕاپۆرتی گروپی لێكۆڵینەوەی ئێراق ئەمەی ڕاگەیاند:

وتەی سەرۆكی ڕێكخراوی (ئەمریكا بەرەو پێش بەرە) میلنی مۆرگان:
" گروپی لێكۆڵینەوەی ئێراق شكستی هێنا. لەگەڵ لوت بەرزیی و لەخۆبایی بونێكی زۆر گروپی لێكۆڵینەوەی ئێراق ڕاپۆرتێكیان نوسی لەپاش بەسەربردنی كاتێكی دیاری كراو لە ئێراق و چەند پێشنیارێكی كەمیان پێشكەش كرد ئەگەر هەر نوێیەكی تێدا بێت، لە پێناو بردنەوەی شەڕی ئێراق".
" ئەندامە سەرەكیەكانی ئەم گروپە هەرگیز پێیان نەخستە ناوچەیەكی ئێراقەوە كە تیایدا شتەكان لە ڕاستیدا زۆر بە باشی بەڕێوە دەچن: لە ناوچەی باكوری كوردستانی ئێراق. ئەوە كارێكی زۆر تورەهاتە كە بە دوای ڕێڕەوێكی سەركەوتندا بگەڕێت لە هەمان كاتیشدا ئەوانە پشت گوێ بخەیت كە هەر لەئێستەوە هاوكێشەیەكیان بۆ ئەو ڕێڕەوە دۆزیوەتەوە".
" كێشەی ئێمە لەگەڵ ڕاپۆرتەكە ئەو پێشنیارە پوچەیە كە دەڵێت: هەردوو گەورەترین وڵاتی كە پشتگیری تیرۆر دەكەن، ئێران و سوریا، هاوپەیمانێكی یاریدەدەر دەبن. بە پێشنیار كردنی ئەوەی كە ئەوان دەتوانن ببنە هاوڕێمان بۆگەنی دڵڕازیكردنی ئەوانی لێ دێت. ئەوە زیاتر بیرۆكەی خۆبەدەستەوەدانەكەی نێڤیل چەمبەرلەین بۆ هیتلەر مان دەخاتەوە یاد وەك لە توند ڕاوەستانی ڕیگان بەرامبەر بە كۆمۆنیزم لە كاتی شەڕی سارددا".
" بانگەشە كردن بۆ ئەوەی كە - هەموو وڵاتێك بەرژەوەندیەكی هەیە لە خۆپاراستن لە ئێراقێكی بەربەرەڵا.، بە هەموو دروایسێكانی ئێراقیشەوە- ئەو ڕەفتارە گڵاوانەی ئێران و سوریا پشت گوێ دەخات، كە بە كردەوە هانی توند و تیژی دەدەن لە ئێراقدا".
" سوربوونیان لەسەر چارەسەرێكی كۆتایی بۆ كێشەی ئیسرائیل-فەلەستین ئەو ڕاستیە پشت گوێ دەخات كە حیزبوڵا و حەماس تەنانەت دان بە مافی بوونی ئیسرائیلیشدا نانێن".
" گفتوگۆكردن لەگەڵ سوریا، ئێران، حیزبوڵا و حەماسدا نەزانی گروپی لێكۆڵینەوەی ئێراق نیشان دەدات. ئایا ئەندامانی گروپی لێكۆڵینەوەی ئێراق هیچ بەزەییەكیان بۆ خەباتی هێزە دیموكرات

خوازەکان هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە تیرۆر و خوین ڕشتن بەکاردەهێنن لە پێناو بەرەوپێش بردنی ئەجندە توندڕەوەکانیان؟".
" کاتێك ئەو هەموو دەنگە دەنگە لەسەر ڕاپۆرتی بەیکەر هامیلتۆن کرا، خاڵی بنەڕەتی بەدەست هێنانی عوزرخواییەك بو بۆ سیاسەتەکانی سەرۆك جۆرج بوش لە هەوڵەکانی بۆ لەناوبردنی فاشیزمی ئیسلامی. خاڵی سفری ئەو شەڕەش ئێراقە، وە سەرکەوتن لە ئێراقیش تاکە ئەلتەرناتیڤێکە".
" ئێمە لەگەڵ ڕاپۆرتەکەداین، وەك دوا وەبیرهێنانەوەی ڕامسفێڵد دانی پێدا نا، کە گۆڕانکاری لە تاکتیکدا پێویستە. ئێمە لە ئیدارەی بوش پێشبینی دەکەین کە ئەو گۆڕانکاریانە لەکاتی خۆیدا بکات. ئێمە وەك هەمیشە وتومانە ئامانجمان کێشانەوەی هێزەکانمانە لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ بۆ ڕۆڵێکی زیاتر ئامۆژگاریکارانەی سوپای ئێراقی".
" ئێمە تیرۆریزم تێك دەشکێنین لە ئێراقدا. ئەو نائارامیە ناوخۆییەی کە ئێستا لە ئێراقدا هەیە زیاتر کێشەیەکی ئێراقیە کە پێویستە ئێمە پابەند بین بە یارمەتی دانیان لە چارەسەرکردنیدا، تاوەکو ئێراقێکی ئارام و دیموکراتمان هەبێت کە ببێتە پردی ئازادی لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا".
" دەبێت بەرەنگاری فاشیزمی ئیسلامی ببینەوە هەروەك چۆن ڕێگان بەرەنگاری کۆمۆنیزم بوەوە بە ئاشکراکردنی ڕاستگۆیانە و ڕاشکاوانەی شەیتان. ئەندامانی لیژنەکە پێوست دەکات کە مێژووی نزیك وەك خۆی ببینن و دەست هەڵگرن لە خۆشاردنەوە لە پشت خو و ئارەزووی (سیاسەتی عەمەلی) ی وەك ئەوەی کە هانی هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ سوریا و ئێران".
" کاری ڕاست ئەوەیە کە بە گژ شەیتاندا بوەستیتەوە، بەلام گروپی لێکۆڵینەوەی ئێراق لەبری ئەوە شیکردنەوەی سیاسیانەی نەخۆشمان دەخەنە بەردەست، لەگەڵ کەمێك لە پێشنیاری بنیات نەر. لە کاتێکدا کە ئەوان نیازیان شەرافەت مەندانەیە، ڕاپۆرتەکەیان کات و هەوڵ بەفیڕۆدانێکی گەورەیە کە زۆر کەم یاریدەی ئەمریکا دەدات لە بردنەوەی شەڕی دژە تیرۆریدا".